

# تراژیدیاو دووبارەبوونەوەی شکستەکان

## لە رۆمانی –باڵندەکانی دەم با-دا

**دانا فایەق**

ئەزموونگەربوون و گۆڕانکاری لە شێوازی نووسین و گێڕانەوەدا، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکنووس و رۆماننووس (عەتا نەهایی) و بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هەر زوو هەست دەکەین ئەم نووسەرە نەک نایەوێ لە کەسی تر بچێت، بەڵکو دەیەوێت لە پێشووی خۆشی جیاوازبێت و نایەوێ یەک جۆر شتەکان ببینێ و بگێڕێتەوە و بەردەوام خۆی دەپارێزێ لە خۆدووبارەکردنەوەو هەر جارەو بە جۆرێک شتەکان نمایش دەکات.



ئەو جیاوازبوونە تەنها لە رۆمانەکانیدا هەستی پێ ناکرێت، بەڵکو زۆرجار شێوازی گێڕانەوەی لە کورتە چیرۆکێکییەوە بۆ کورتە چیرۆکی دواتری جیاوازەو لای نەهایی تەکنیکی گێڕانەوە سەنترالّی کارکردنە لە تێکستەکانیدا.

ئێمە لێرەدا بەراورد لە نێوان کارەکانی ئەو نووسەرەدا ناکەین و باس لە جیاوازی و شێوازەکانی تەکنیکی گێڕانەوەی چیرۆک و رۆمانەکانی ناکەین، بەڵکو تەنها هەندێک بۆچوون و سەرنجی خۆمان دەڵێین لە بارەی رۆمانی (باڵندەکانی دەم با)ی ئەو نووسەرەوە، کە پێمان وایە گێڕانەوە لەم رۆمانەدا شێوازێکی تایبەتە لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرەتای قسەکردنمان دەبێ لەو دێرەی ناو رۆمانەکەوە بێت، کە دەڵێ (ئەم هەموو چیرۆکە فەرامۆش بووانە چۆن وەبیردێنەوەو چۆن لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دەنوسرێنەوە؟). لەم دێرەوە تێدەگەین کە لە چوارچێوەی ئەم رۆمانەدا زیاتر لەچیرۆکێک یان بیرۆکەیەک هەیە، بۆیە قسەکردنی ئێمەش دەبێ لێدوانبێ لەسەر کۆمەڵێک چیرۆکی لێک جیاواز، کە لە دواییدا لە چوارچێوەی ئەم رۆمانەدا نووسراونەتەوە، چیرۆکی «میهرەبان»ی چیرۆکنووسو چیرۆکی «فەرهاد»ی پاڵەوانی دواچیرۆکی (ئەفسانە)و (کالێ)ی کلۆڵو چیرۆکی (ناسری).

لەم رۆمانەدا وەک چۆن رووبەڕووی فرە چیرۆک دەبینەوە، بە هەمان شێوە رووبەڕووی فرە گێرەرەوەش دەبینەوە.

فرە گێرەرەوە نەک بۆ هەموو رۆمانەکە، بەڵکو هەر چیرۆکەو لەرێی چەند گێڕەرەوەیەکەوە دەبیستین.

میهرەبانی چیرۆکنووس کەسی سەرەکیی نێو رۆمانەکەیە. پاش ئەوەی چەند ساڵێکی تەمەنی لە ئەوروپا بەسەر دەبات، پاشان بڕیاری گەڕانەوە دەداتو دەگەڕێتەوە. کەس نازانێ بە یەکجاری گەڕاوەتەوە یان بۆ ماوەیەکی کاتی، هەروەها کەسیش نازانێ بۆچی گەڕاوەتەوە، بێگومان خۆشی نازانێ!.

(ئەگەر هەر بۆ بینینی جەلالیش گەڕابێتمەوە کاری چاکم کردووە. جەلالی وەک هەمیشە هاوڕێی چاکو بەوەفایە.. ل١٣٧) بەڵام رەنگە بۆ نووسینی دواچیرۆکی (چیرۆکی فەرهاد) گەڕابێتەوە.


(میهرەبان) بەر لەوەی وڵات جێهێڵێ، پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ (ئەفسانەدا) هەبوو، بەڵام ساڵێکو چەند مانگێک دوای سەرکەوتنی شۆڕشو دوای ئەوەی حکومەتی نوێ بە یەکجاری دەسەڵاتی خۆی بەسەر شاردا سەپاند، ئەوجا کەوتە دەستگیرکردنی لاوانی شار.

میهرەبان بە تکای میرزا سەعیدی باوکی بۆ ماوەیەک لەماڵ نەچووە دەرێ، بەڵام لە دواییداو رۆژێک بۆ بینینی (ئەفسانە) رۆیشتە دەرێ، هەر ئەو رۆژە دەستگیرکراو بۆ ماوەی مانگو نیوێک زیندانی کرا. دوای ئازادبوونیو دوای ئەوەی کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی کوژران، ئەو ترساو بڕیاری رۆشتنی دا. ئەو رۆژەی کە بەیەکجاری خۆی ئاماد کرد بۆ رۆیشتن (ئەفسانە) خۆی بەماڵیاندا کرد، بەڵام نەهاتنی (ئەفسانە) پەشیمانی کردەوە لەرۆیشتنو نە ئەو هەموو گریانو پاڕانەوەشی سوودیان هەبوو.

(لێرەدا بمێنمەوە تیادەچم، ژیانو داهاتووم...) ئەفسانە گوتی (ئەی ژیانو داهاتووی من؟) بەدەم هەنیسکەوە گوتی . (تۆ بڕۆی بە زۆر دەمدەن بە ناسری) ئەو چی گوت؟ گوتی: (هیوادارم بەختەوەربی).



«ئەفسانە»ی خۆشدەویست، بەڵام دڵی لێی پیسبوو، وایدەزان هێشتا پەیوەندیی ماوە بە خۆشەویستەکەی پێشوویەوە، چونکە ناسریش ئاگاداری خۆشەویستیی (میهرەبانو ئەفسانە) بوو. هەر بەهۆی ئەو دڵپیسییەوە کێشە لەنێوانیاندا دروستبوو. زیاتر لە جارێک (ئەفسانە) پەنای بردە بەر دادگاو داوای جیابوونەوەی کرد، بەڵام (ناسری) جاری یەکەم ڕازی نەبوو بەجیابوونەوەو گوتی: (من ژنەکەمو و منداڵەکانم خۆشدەوێ) بەڵام لە جاری دووەمداو دوای ئەوەی لە دادگا (ئەفسانە) دەستی کرد بە گریان، ناسری ڕازیبوو تەڵاقی بدات، ڕازیبوونەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە دەیەوێ هەردووکیان لە مەترسییەکی گەورە ڕزگار بکات، مەترسییەک تەنها خۆی دەیزانی چییە!. ناسری لە دادگاو لە بەردەمی قازی (باسی خۆشەویستی ئەفسانەو کوڕیکی گەنج کوڕێکی یاخیو ئاژاوەگێڕ کە لە سزای تاوانەکانی هەڵاتبوو. لە وڵات ڕۆشتبووە دەرو ئێستا ئەو کاتە لە ئەوروپا بوو. ناسری باسی ئەوەی کردبوو باسی میهرەبان؟ گوتبووی؛ لە یەکەم ڕۆژی ژن هێنانییەوە سێبەری ڕەشی ئەو پیاوە یاخییە لە ژیانیاندا بووە گوتبووی، لە ترسی گەڕانەوەی ئەو پیاوە یاخیە شارو کەسو کاری خۆی بەجێهێشتووە. چی سامانی باوکی بووە هەراجی کردووە..لا١٨٨).




هەموو ئەمانە لە دەمی ڕووناکی خوشکی میهربانەوە دەبیستین، کە تاکەکەسی بنەماڵەکەیە، ئاگاداری چیرۆکی خۆشەویستی (میهرەبانو ئەفسانە) بوو بەڵام دوای ئەوە ئەفسانە بەختەوەر نەبوو.
بە زۆر درا بە ناسری، (شۆڕە لاوێ بوو ناسری. جوان و تەڕپۆش لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندبوو. پڕۆیەکی سەوزی مودێل باڵای لەژێر پێدا بوو. جاروباریش سێتاری دەژەند..لا١٥) ناسری

یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (عەتا نەهایی) و بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هەر زوو هەست دەکەین ئەم نووسەرە نەک نایەوێ لە کەسی تر بچێت، بەڵکو دەیەوێت لە پێشووی خۆشی جیاوازبێت و نایەوێ یەک جۆر شتەکان ببینێ و بگێڕێتەوە



(ئەفسانە) بەو قسانە تاسابوو هاواریکردبوو (درۆیە ئەو پیاوە درۆ دەکا، بەڵام ناسری هەر بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی. (لەو رۆژەوە تا ئێستا ئەو پیاوە یاخییە بێ پسانەوە تەلەفوونی بۆ ژنەکەی کردووە.) لە تورکیاو پاشان لە ئەوروپاوە نامەی بۆ نووسیوە. خەڵکی لێ راسپاردووە خەڵکی یاخی ویستوویەتی ژنەکەی دەست لە ماڵو مێردەکەی هەڵگرێو شوێن ئەو بکەوێ..ل١٨٩).

ئەفسانە گریابوو قیژاندبووی (بوختانە..،) ئەو پیاوە بوختانم بۆ دەکا).

(ناسری) بۆ ئەوەی چیرۆکە وەهمییەکەی سەرکەوتووتربێ دەستی کردبوو بەگیرفانیداو چەند پەڕە کاغەزێکی دەرهێنابوو. گوتبووی لەناو شتە شەخسییەکانی (ئەفسانە)دا دۆزیومەتەوەو نامەی ئەو پیاوە یاخییەن، کە بۆی ناردووە. (ناسری و ئەفسانە) لە یەکدی جیانەبوونەوە، بەڵام (رووناکو جەلالیو کوورش) ئەو سێ کەسەی کە ئەم چیرۆکەیان بۆ گێڕاینەوە نەیانزانی لە دواییدا چیرۆکەکە بەچی گەیشت تا ئەو رۆژەی رووناک لە ستوونی پرسەی رۆژنامەیەکدا هەواڵی مردنی (ئەفسانە) دەخوێنێتەوە.. (انا لله وانا الیه راجعون) ناسریش (تێکچووە دەمێک ساڵە تێکچووە. پاش ئەوەی هەموو سەروەتو سامانی باوکی داناوە پاش ئەوەی ژنەکەی مردووە، تێکچووە.. ل ١٧٤) کوورش وای گوت جەلالیش گوتی (لە ئاشتیەکەی ئێرانو عیراقدا ناسری تیاچووە. وەک زۆر تاجرو دەوڵەمەندی تر هەموو سەروەتو سامانی لەدەستبووەتەوەو..).

هەروەها میهربانیش دووجار (ناسری)ی بینیبوو. جاری یەکەم داوای جگەرەی لە میهرەبان کردبوو، کاتێک میهرەبان گوتی (تۆ ناسری نیت؟) ئەو جگەرەشی وەرنەگرتو بە پەلە خۆی ونکرد. جاری دووەمیش میهرەبان لەگەڵ کوورشی کۆنە هاوڕێداو لە چایخانەیەکی قەرەباڵغ بینیبوویان.

چیرۆکی (ناسری و ئەفسانە) بەم شێوەیەو بەتراژیدیا کۆتایی هات، ئێستا با بچین بۆ لای (میهرەبان)ی چیرۆکنووسو دواهەمین چیرۆکی، کە پێدەچێت لەپێناوی نووسینی ئەم چیرۆکەدا (چیرۆکی فەرهاد) گەڕابێتەوە وڵات. سەرەتا دەبێ ئاگاداری ئەوەبین، کە هیچ یەکێک لە کەسێتییەکانی ئەم چیرۆکە ئاگاداری چیرۆکەکەی پێشوو نینو پەیوەندییان پێوەی نییە، تاکە پەیوەندیی نێوانیان میهرەبانی چیرۆکنووسە. کە لە چیرۆکی یەکەمدا خۆی یەکێکە لە کارەکتەرەکانو خولقێنەر یان نووسەری چیرۆکی دووەمیشە، هەروەها دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین هەرچەندە میهرەبان خۆی ئامادە کردووە بۆ نووسینەوەو گێڕانەوەی چیرۆکەکە، بەڵام ئەم چیرۆکەش وەکو چیرۆکی (ناسریو ئەفسانە) لە دەمی زیاتر لە کەسێکەوە دەبیسترێ.

میهرەبان بڕیاری دا (چیرۆکی فەرهاد) بنووسێتەوە لەو ماوەیەدا گەلێک هەوڵی دا، بەڵام هەرچی دەنووسی گرمۆڵەی دەکردو فڕێیدەدا. چونکە ئەو فەرهادی نەدەناسی، فەرهاد کەسێک بوو تەنها ناوی لە زەینی میهرەباندا بوو. میهرەبان بۆ نووسینی چیرۆکەکەی دەبوو فەرهادی پاڵەوانی چیرۆکەکەی بناسیایە (ئەگەر بمەوێ چیرۆکەکەی بنووسم دەبێ بزانم تەمەنی چەندەیە. دەبێ بیبینم..)ل٨ چیرۆکنووس بۆ ناسینی پاڵەوانی چیرۆکەکەی داوا لە رۆماننوس (واتە نووسەری رۆمانی باڵندەکانی دەم با) دەکات کە پێی بناسێنێو لەگەڵیدا بچێت بۆ بینینی. دیارە رۆماننووس پێشتر بەڵێنی بە

چیرۆکنووس داوە کە (فەرهاد)ی پی بناسێنێ. بۆیە جارێکی تر وەبیری دێنێتەوە داوای لێدەکات (ئەو دەبێ بۆ هەڵبژاردنی یەکەم رستەی چیرۆکەکەی یارمەتیم بدا، تۆ بەڵێنت پێداوم بە یەکترمان بناسێنی..)ل١١ دواجار رۆماننووس چیرۆکنووسی برد بۆ لای پاڵەوانی چیرۆکەکەی. ئەو کاتەی رۆماننووسو میهرەبان چوون بۆ لای (فەرهاد)، فەرهاد وەکو تەرمێک بێ جووڵە، لە ژێر جاجمێکی کۆندا خەوتبوو، ئەوان هەڵیان نەستاند. بەبێ پرس خۆیان کرد بەژووورداو دەستیانکرد بە چا خواردنەوەو جگەرکێشان. پاش ماوەیەک (تەرمەکە جولا، پیرە پیاوێکی چکۆلەو زەردەڵ لەژێر جاجمەکە هاتەدەر). خێشکەخێشک هەڵخزاو، لەبەر رۆشنای کزی پەنجەرەکە بەبێ هیچ قسەو باسێک بەبێ هیچ نیگاو سەرنجێک پاڵی دایەوە.

گوتم: (ئەمەش فەرهاد..)ل٢٨ میهرەبانی چیرۆکنووس نەیدەزانی (فەرهاد)ی پاڵەوانی چیرۆکەکەی پیاوێکی بەو جۆرە تێکشکاو و درزاوەو کوێرەوەریو ئازارەکانی رۆژگار سەرجەم یادەوەرییەکانیان لەبیر بردۆتەوە نەیدەزانی ناسینو بینینی (فەرهاد) بەهیچ شێوەیەک یارمەتیدەرنابن بۆ گێڕانەوەی رابردوو و هیچ سودێکیان نابێت بۆ نووسینی چیرۆکەکە. بۆیە (میهرەبان) پەستو بێزار دەبێو لە کۆتایی ئەو بەشەدا (بەشی سێ) بەتوڕەییەوە قەڵەمەکەی فڕێ دەداو تووشی سەرەگێژە دەبێو دڵی تێکەڵ دێو هێڵنج دەدا.

میهرەبان لە بەشی چوارەمدا تەواو پەشیمانە لەو بڕیارەی داویەتی، بڕیاری نووسینی چیرۆکی (فەرهاد) بۆیە بەتوڕەییو رقەوە دەڵێ: (ئەگەر بمزانیایە فەرهاد وەها پیاوێکە، هەرگیز بڕیاری نووسینی چیرۆکەکەیم نەدەدا.)ل٣٠ لە بەشی پێنجەمدا نەک هەر تووڕەو پەشیمانە، بەڵکو نایەوێت هیچ دەربارەی فەرهاد ببیستێ و نایەوێت تەنانەت گوێی لە ناوەکەشی بێت، بۆ ئەوەی چیرۆکی فەرهاد بە تەواوی لە بیری خۆی بەرێتەوە، بیر لە پرۆژەیەکی تر دەکاتەوە، بەڵام لە بەشی شەشەمدا (لەوە ناچێ بتوانێ خۆی لە نووسینی چیرۆکی فەرهاد بدزێتەوە، دەبێ ئاڵای سپی هەڵکا.. هەڵیکرد..)ل٤١ جارێکی تر دەستیکردەوە بە نووسینی چیرۆکی فەرهاد، بێ ئەوە کاغەزەکان گرمۆڵە بکاو بیاندڕێنێ. بەڵام هێشتا بەهیوایە (فەرهاد) هاوکاریی بکات لە نووسینی چیرۆکەکەدا، بۆیە بڕیار دەدات لەگەڵ خۆیدا بیباتە دەرێو بچن بۆ ئەو گەڕەک و خانووەی کە فەرهاد تیایدا ژیاوە، هەرچەندە رۆماننووس ئاگاداری دەکاتەوە کە بردنە دەرەوەی فەرهاد، گەڕاندنی تەرمێکە بەناو شاردا. نابێ بە هیوابێ هیچی وەبیربێتەوە یان هیچ وەبیر کەس بێنێتەوە.. بەڵام ئەو ملناداو دەڵێ: (ئەی بۆ دەتەوێ چیرۆکەکەی بنووسم؟)ل٧٢.

فەرهاد هیچی وەبیرنەهاتەوە.. وەبیری نەهاتەوە ئەوکاتەی خوێندکاربوو لە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە تاران پاشان چووە کۆلیژی ماف لە زانکۆ تێکەڵاوی کاری سیاسی رێکخراوەیی دەبێ بەدزییەوە کتێبو بڵاوکراوەکانی رێکخراوکەی دابەشدەکات، تا ئەو رۆژەی ئاشکرا دەبنو بۆ شەوەکەی چەند کەسێک لە هاوڕێکانی دەستگیر دەکرێن. بەیانییەکەشی بۆ دەستگیرکردنی فەرهاد دەچن بۆ زانکۆ، بەڵام ئەو پێشتر هەڵاتبوو، دوای ئەوە فەرهاد هەر شەوەی لە ماڵێک دەخەوت جار جارێکیش دەڕۆیشتەوە ماڵی خۆیان، ئەگەر پارەشی پێبایە دەچوو بۆ ئوتێل. بەڵام لەدواییداو بۆ ئەوەی بەبۆنەوەی ئەوەوە کەس




لەم رۆمانەدا وەک چۆن رووبەڕووی فرە چیرۆک دەبینەوە، بە هەمان شێوە رووبەڕووی فرە گێڕەرەوەش دەبینەوە. فرە گێڕەرەوە نەک بۆ هەموو رۆمانەکە، بەڵکو هەر چیرۆکەو لەڕێی چەند گێڕەرەوەیەکەوە دەبیستین.



تووش نەبێ، بڕیار دەدات بە تەنهاو بە نهێنی بژی. ماوەیەک لە کارگەیەک لە دەرەوەی شار کاری دەکرد، بەڵام لە دواییدا وەرس دەبێ و دەگەڕێتەوە ناوشار، لە گەرەکە هەژارنشینەکان دەستدەکات بە کاری (نەقاشی)و رەنگکردنی دەرگاو پەنجەرەی ماڵە کۆنەکان. ماڵی پیرێژن یەکێکبوو لەو ماڵانەی کە فەرهاد لە دواییدا کاری تێداکرد. خانووەکەی پیرێژن دوو دەستەبوو (لە ئەمبەروبەری حەسارێکی بچووک دەستەی ئەوبەر حەسارەکە دوو ژوور بوو، کە پیرێژن بەتەنها تیایاندا دەژیا، دەستەکەی تر سەرخانو ژێرخانێک بوو لەسەر کۆڵان ژێرخان باریکە دالانێکی تاریکو کۆنە عەمارێکی چۆڵ بوو. سەرخان دوو ژوورو راڕەوێکی بچووک، پێشتر کرێچیان تێدابوو. ژنو مێردێکی گەنج کە ماوەیەک بوو چۆڵیان کردبوو پێرێژن بەتەمای بەکرێدانەوەی رەنگی دەکردن.)

فەرهاد گوتبووی: «من ئامادەم بەکرێیان بگرم»لا٨٩.

ماڵی پیرێژن دراوسێی ماڵی کاڵێ بوو بەمجۆرە فەرهادیش بوو بە دراوسێی ماڵی کاڵێ. بە مەبەستی یارمەتیدانی پیرێژنو خاوێنکردنەوەی ماڵەکەی، کاڵێ رۆژانە دەهات بۆ ماڵی پیرێژن، ئەو رۆژەش کە (فەرهاد) کەلوپەلەکانی هێناو هەروا بەبڵاوی دایناو رۆیشتە دەرێ، کاڵێ داوای لە پیرێژن کرد رێگەی بدات بۆ ئەوەی بچێت کەلوپەلەکان بۆ فەرهاد رێکبخات. دوای ئەوەش رۆژانە کاڵێ لەگەڵ خاوێنکردنەوەی ماڵی پیرێژندا، ماڵی فەرهادیشی خاوێنکردەوە، سەرەنجام پەیوەندییەکی خۆشەویستیی بەتین لەنێوان کاڵێو (فەرهاد)دا دروستبوو. باوکو دایکی کاڵێ نەمابوون.

لەگەڵ سێ براکەیدا دەژیا (رەحیمی کۆتربازو دوو برای کوێر) کاروکاسبیی رەحیم قومارکردنو مەی خواردنەوە بوو، هەموو شەوێکیش هاوڕێ قومارچییەکانی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە ماڵێو دەبوو کاڵێ بەچواردەوریاندا بێ خزمەتیان بکا.

دواجار فەرهاد داوای لە کاڵێ کرد هیچی تر رێگەنەدات ئەو لاتو بەرەڵایانە هاتووچۆی ماڵیان بکەن.

چەند جارێک شەڕ لەنێوان رەحیمو کاڵێدا دروستبوو، بەڵام رەحیم وازی لە پیشەکەی نەهێنا. ئەو بێکاریی کردبوو بە بیانووی قومارکردنەکەی، بۆیە فەرهاد هەوڵی دا کارێکی بۆ دۆزییەوەو رەحیمی لەسەر کار دامەزراندو دووری خستەوە لە قورمارکردن.

خۆشەویستەکەی نێوان فەرهادو کاڵێ رۆژ لە دوای رۆژ بەتینتر دەبوو. بەڵام سەرەنجام با بزانین ئەم خۆشەویستییە بەکوێ دەگا؟

مەسەلەی گرتنو هەڵاتنی (فەرهاد) جارێکی دی سەریان هەڵدایەوە، (فەرهاد) بریاری رۆیشتنو جێهێشتنی (کاڵێ)ی دا.

(دەبێ بڕۆم) فەرهاد بە شەرم و گریانەوە وا بە کاڵێ دەڵێ. بە شەرمو گریانەوە دەربەستی شکۆی پیاوانە نییە، (تۆ تێدەگەی؟ ناچارم بڕۆم. ئێستا یان ساتێک تر پۆلیس دەڕژێتە ئەم ماڵەوە). منیش دێم، لەگەڵ خۆت بمبە فەرهاد، بۆ هەر شوێنێک دەچی لەگەڵ خۆت بمبەلا١٦١ بەڵام فەرهاد بە تەنها دەڕواو کاڵێ لەگەڵ خۆیدا نابات. هەر دوای رۆیشتنیو دوای جێهێشتنی کاڵێ، فەرهاد لە کۆڵانێکی چۆڵدا تووشی سێ کەس دەبێ، داوای لێدەکەن سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بێت، سەرەتا سێ کەسەکە میهرەبانن لەگەڵیدا، بەڵام لە دواییدا هەر ئەو سێ پیاوە بەرزی دەکەنەوە، میهرەبان نین، ئیتر هەرگیز میهرەبان نەبوون، پاڵی پێوە دەنێن، بەدیوارێکیدا دەکوتن، بە شەقو مست دەکەونە گیانی..

دوای گیرانی فەرهاد، سێ پۆلیس هەڵیانکوتابووە سەرماڵی پیرێژنو دەرگای ژوورەکەی فەرهادیان شکاندبوو، هەموو کونو کەلەبەرێکی ماڵەکەیان پشکنیبوو، سەرجەم کەلوپەلەکەیان بەسەر یەکدا هەڵرشت، پیرێژن ویستبووی رێگری لە پۆلیسەکان بکات گوتبووی ماڵی ئەمانەتە رووزەردی خاوەنەکەی دەبم.

یەکێک لە پۆلیسەکان پاڵی بە پیرێژنەوە نابوو خستبووی، یەکێکی تریان جنێوی پێدابوو، سێهەمیشیان کە بەتەمەنتر بوو، گوتبووی تۆ پیرێژنێکی گێلو کڵۆڵی، تێناگەی خاوەنی ئەو ژوورانە گەنجێکی نەفامی خوێندکارە لە زانکۆ هەڵاتووە، جاسووسە، پیاوی بێگانەیە، ئێمە گرتوومانەو دەیکوژین، دڵنیابە هەرگیز نایبینیەوە کە رووزەردی ببی...

کاڵێ تەواو بێزاربوو هیچی تر نەیدەتوانی بەبێ فەرهاد بژی، هەروەها بە تەواوی بڕوای بە قسەی پۆلیسەکە کردبوو، بەدەم گریانەوە دەیگوت:

(دەیکوژن، دەزانم دەیکوژن) هەر ئەم بێزاریو ترسەش بوو کە ئەو بڕیارە ترسناکەیان پێ دا.

(پووتەکە بەژوور سەریەوە لەنگەر دەگرێت، بە ژوور سەری کاڵێوە دەستی چەپی هێزی نامێنێت، پووت لار دەبێتەوە، نەوتەکە دەڕژێت. بەسەر کاڵێدا دەڕژێت، بەسەر سکی خاوو ئاڵۆزیدا، بەسەر شانو سنگ و بەرۆکیدا، بە هەموو لەشیدا. نەوتەکە ساردە موچرکەی بە لەشدا دێنێت، داوێنی کراسەکەی گڕ دەگرێت، گڕ بە داوێنیدا هەڵدەگەڕێت چاوە بێ تینەکانی دەردەتۆقن.

رووخساری ماتی دەگەشێتەوە، وەک پشکۆ دەستەکانی بەرز دەبنەوەو سەر سەما دەکەوێت کاڵێ.. لا٢١٨).

فەرهاد هەموو ئەمانەی لەیادکردبوو، قسەی رۆماننووس راست دەرچوو، بردنەدەرەوەی فەرهاد هیچ سودێکی نەبوو بۆ (میهرەبان)، فەرهاد تەنها تەرمێکبوو میهرەبان بەناوشاردا دەیگێڕا، بێ ئەوەی هیچی وەبیربێتەوە، بەڵام لەسەرێکی ترەوە رەنگە میهرەبان بەختیبووبێ، چونکە فەرهاد تابلۆشی دەکێشا، میهرەبانیش زۆربەی زانیارییەکانی ناو ئەم چیرۆکەی لە دوا تابلۆی فەرهادەوە وەرگرتووە، ئەو تابلۆیەی هەرگیز بۆی تەواو نەکرا.

کۆتایی ئەم چیرۆکەش وەکو چیرۆکی پێشوو مەرگو کارەسات بوو.

لە چیرۆکی خۆشەویستی (فەرهادو کاڵێ)دا جارێکی تر تریاژیدیا بەرۆکی گرتینەوە، بۆیە پێویستە ئەم جارەش خۆمان لە تراژیدیا بدزینەوە و راکەینەوە بۆ لای میهرەبانی چیرۆکنووسو تەواوکردنی چیرۆکی ژیانی ئەو.

میهرەبان بڕیاری رۆشتنی دا، ئەفسانەو وڵاتی بەجێهێشتو بەرەو ئەوروپا ملی نا، چەند ساڵێک دواتر بڕیاری گەڕانەوەی دا، کەس نەیدەزانی بە یەکجاری گەڕاوەتەوە یان بۆ ماوەیەکی کاتی، کەسیش نەیدەزانی بۆچی گەڕاوەتەوە، بێگومان خۆشی نەیدەزانی. دوای گەڕانەوەی، میهرەبان بڕیاری دا دوور لە هەموو کەسێکو بە تەنها لەو کۆنە خانووە چۆڵو نیوە کاولەدا بژی کە پێشتر لەگەڵ (باوکو دایکیو بارامی برایو مونیرەو رووناکی خوشکیدا) چەند ساڵێکی تەمەنیان تێدا بەسەربردوو، بەڵام ئەو ساڵانە خانووەکە وەکو ئێستا کاول نەبوو، ئەوسا حەوزە گەورەکەی حەسار پڕبوو لە ئاوی خاوێنو بەچواردەوریدا گوڵدانی پڕ لە گوڵی رەنگاو رەنگ



هەبوو وێنەی گوڵەکان لە ئاوی حەوزەکەداو لەشینی کاشیەکاندا لەگەڵ وێنەی لقوپۆپی درەختەکان تێکەڵ بووبوون. میرزا سەعیدی باوکی میهرەبان بە مەبەستی دەستنوێژگرتن ڕۆژی چەند جارێک دەستی لە ئاوکە ڕۆدەکرد، جگە لەوەی ماسییەکانی نێو حەوزەکەی دەتۆقاند، وێنەی گوڵەکانیشی دەشەمزاند. ئەدی ئێستا؟ حەوزەکە ئێستا وشکبوو، لەبری ئاو پڕ بوو لە سواڵەتی شکاوی گوڵدانەکان و ڕەنگی شینی دیوارەکانیشی تەپڵەکی کردبوو، وەریبوو، کاشییەکانی بنکی حەوزەکەش زۆربەیان درزیان بردبوو، شکابوون.. (باخچە پڕ لە گوڵو دارو درەختەکەی میرزا سەعید وێران بووبوو)ل٢٢ ماڵەکەش بارام گوتبووی: (من لە ترسی ئەوەی بەسەر ژنو مناڵەکەمدا نەڕوخێ دە ساڵێکە چۆڵم کردووە..)ل٢٢. بارام چەند جارێک هەوڵی دابوو خانووەکە بفرۆشێ، بەڵام (مونیرەو ڕووناک) ڕێگەیان نەدابوو.

ئەوان گوتبوویان دەبێ وەسێتی دایکو باوکمان جێبەجێبکرێ ئەوجا ڕازی دەبین خانووەکە بفرۆشرێ. پێشتر دایکو باوکیان وەسێتیان کردبوو کە دەبێ سەرجەم منداڵەکانیان لەو خانوەدا زەماوەند بکەن، ئێستا ئەوان زەماوەندیان کردووە، تەنها (میهرەبان) ماوە. مونیرەی خوشکی بەردەوام هانی دەداو داوای لێدەکات ژن بێنێو وەسێتی دایک و باوکیان جێبەجێبکات، بەڵام ئەو دەیگوت: (من بۆ ئەوە نەهاتوومەتەوە وەسێتی مردووەکان جێبەجێ بکەم).

تەنانەت (مونیرە) کچێکیشی دەسنیشانکردبوو بۆ ئەوەی میهرەبانی برای بیخوازێ، ئەو کچەش (لەیلا تلوعی) بوو.

لەیلا کچێکی وشیارو خوێندەوار بوو، مامۆستای (نەشمیل)ی کچی مونیرە بوو، لەیلا دەمێکبوو (میهرەبان)ی دەناسی، بەڵام ناسینی بینین نا، بەڵکو لە ڕێی چیرۆکەکانییەوە میهرەبانی دەناسی لەیلا شیعریشی دەنووسی، لەم دواییەداو دوای ئەوەی لە ڕێی (نەشمیلو مونیرە)وە بە بینینیش (میهرەبان)ی ناسی، شیعرەکانی پێشانی ئەو دەداو داوای لێدەکرد سەرنجو تێبینیی خۆی لەبارەیەوە بڵێ، لەیلا میهرەبانی زۆر خۆشدەویست، تەنانەت بڕیاری دابوو ئەو دیوانە شیعرەی کە بە نیازبوو بەچاپی بگەیەنێ پێشکەشی بکات بە (میهرەبان)، چەند جارێکیش ناڕاستەوخۆ بەگوێی میهرەبانی دادابوو کە بیکات بە پاڵەوانی نێو چیرۆکەکانی، واتا زەماوەند بکەن.

میهرەبانیش بە هەمان شێوە لەیلای زۆر خۆشدەویست، بەڵام هەرگیز بیری لەوە نەکردبووەوە زەماوەندی لەگەڵدا بکاتو بیکات بە یەکێک لە پاڵەوانی چیرۆکەکانی، (چیرۆکی فەرهاد) هەموو بیرو هۆشی ئەوی داگیرکردبوو.

بارام بەردەوامبوو لە هەوڵدان بۆ فرۆشتنی کۆنەخانووەکەو ڕازیکردنی براو خوشکەکانی، کڕیارێکی باشیشی دەستکەوتبوو. حکومەت پارەیەکی زۆری تەرخانکردبوو بۆ کڕینی حەسارو کۆنە خانووەکە، نیازیشی بوو پاشان بیڕوخێنێو بیکات بە (بانک)، فەرمانبەرەکانی (بانک) چەند جارێک هاتبوون بۆ سەیری خانووەکە.

بارام دەیگوت ئەمە هەلەو نابێ لە دەست خۆمانی بدەین، حکومەت نەبێ کەس ئەو پارە زۆرە نادات بەو کەلاوەیە، ئەگەر زۆر زوو ڕازی نەبین بە فرۆشتنی، ڕەنگە حکومەت شوێنێکی تری دەستبکەوێو بیکات بە (بانک)، دوای ئەوەش کەس ئەو پارەیەمان

پێنادات مەسەلەی فرۆشتنی خانووەکە وای لە بارام کرد، بچێت بۆ تاران بۆ ماڵی رووناکی خوشکیو لەگەڵ مێردەکەی رووناکدا ئاشتبێتەوە، کە ساڵانێکی زۆربوو شیرو تیریان لەیەک دەسوو.

بەهەرحاڵ بارام هەرچۆنێکبوو توانیی مونیرەو رووناک رازی بکات بۆ فرۆشتنی خانووەکە، بەڵام رازیکردنی میهرەبان مابوو. میهرەبان دەیزانی ئەگەر ئەوان خانووەکە بفرۆشن بە حکومەت، حکومەتیش بیڕوخێنێو بیکات بە بانک، بەر لە هەر شتێک دەبێ دارە گەورەکەی ناوەڕاستی حەوشەکە ببڕنەوە، دوای ئەوەش چۆلەکەکانی سەردارەکە سەریان لێ دەشێوێ ئینجا دەبێ حەسارەکە تەخت بکەن، لەگەڵ تەختکردنی حەسارەکەش، ئەو دوو پشیلەیە سەرگەردان، دەبن کە رۆژانەو لە ترسی منداڵان دێنە حەسارەکەو لەسوچێکی حەوزە وشکو لاڕووخاوەکە هەڵدەکورمێن، جگە لەمانەش میهرەبان کاری گرنگی هەیە لەو کۆنە خانووەدا، ئەو دەبێ خەریکی نووسینو تەواوکردنی چیرۆکەکەی بێت (چیرۆکی فەرهاد) ئەو چیرۆکەی کە خەتابارە لە فرۆشتنی خانووەکەو رازیبوونی (میهرەبان) بە ئیمزاکرنی قەبالەی فرۆشتنەکە.

ئەوان خەمیانە زوو خانووەکە بفرۆشنو پارەکەی وەربگرن، کەسیان ئاگایان لە حاڵی (فەرهاد) نییە، جگە لەمیهرەبان. ئەو بەردەوامبوو لە نووسینی چیرۆکەکەی، بەڵام خۆشەویستەکەی فەرهاد «کاڵێ»ی بزرکردبوو، دەبوو بیدۆزێتەوە، شەوێک لە شەوە ساردو بەفراوییەکانی زستان تا بەرەبەیان بەشوێنیدا گەڕا. فەرهادیش دوای ئەوە بە لێبووردنێکی گشتی ئازاد کرا، بەردەوام بەرامبەر دوا تابلۆی دادەنیشت، ئەو تابلۆیەی کە هەرگیز بۆی تەواو نەکراو یەک لە دوای یەک هێڵی دەکێشا بەو هیوایەی یەکێک لە هێڵەکان بیگەیەنێت بە کاڵێ، بەڵام نە فەرهاد ئەو هێڵەی دۆزییەوەو نە میهرەبانیش توانیی کاڵێ بدۆزێتەوە.

بەرەبەیان (میهرەبان) بە لەشی تەڕەوەو بەبێ کاڵێ گەڕایەوە ماڵەوە، سەرمای بوو هەڵدەلەرزی، بە پەلەو بە جلی شڕەوە خۆی کرد بەناوجێدا، مونیرەی خوشکی بە ڕێکەوت هات بۆ لای، کە چاوی پێی کەوت گریا، ئەو بەئاگا هاتەوەو گوتی (هیچ نییە نەخۆشم) مونیرە تەلەفۆنی بۆ بارام کردو پاشان بردیان بۆ نەخۆشخانە، سێ هەفتە لە نەخۆشخانە، کەوت هەر لە نەخۆشخانە بارام قەبالەی فرۆشتنی خانووەکەی بۆ هێناو داوای لێکرد ئیمزای بکات.

نەی وتبوو ئیمزای ناکەم، گوتبووی: (من شەو و رۆژێک لەو ماڵەدا کارم ماوە) بارام پێکەنیبوو گوتبووی: تا مانگێکی تریش کلیلی ماڵەکە بەخۆمان دەبێ..

میهرەبان دەیویست لە ماوەی ئەو شەو و رۆژەدا (چیرۆکی فەرهاد) تەواو بکات، بەڵام بارام درۆی لەگەڵدا کردبوو، بارام وتبووی: (بمبوورە نەمتوانی وەعدەکەم بەسەر بەرم) بانک دوای ئەوەی پارەکەی پێداین، کلیلی دەرگاو دەروازەو حەسارو کلیلی هەموو ژوورەکانی لێوەرگرتین. گوتبووی دوێنێ هەموو کەلوپەلی ماڵەکەمان پێچایەوەو بۆ ماڵی مونیرەمان گوێزایەوە.لا٢٠١. میهرەبان لە ماڵی (مونیرە) ئاسوودەنەبوو، دەیویست چیرۆکەکەی تەواو بکات نەیدەزانی چی بکات.

دواجار بە مونیرەی گوت (دەبێ برۆم چیرۆکی فەرهاد تەواو بکەم) مونیرە بە پەلە لە ژوورەکە چووە دەر.




چەند سەیرە
چارەنووسە
رەشەکان
هەر
هەموویان
لەیەک
دەچن، بۆیە
(دەترسم
ئەم چیرۆکە
چیرۆکی
ئەو نەبێ،
دەترسم
چیرۆکی
خۆم بێ..
چیرۆکی
تۆ..
یان هەر
کەسێکی
تر.)



چەپکێک کاغەزو قەڵەمی بۆ هێناو لە بەردەستیدا دابینا.

گوتی: (ئەمە قەڵەمو کاغەز. دانیشە چیرۆکەکەت...).

ئەو قەڵەمەکەی هەڵگرتو سەری بەسەر کاغەزەکاندا شۆڕکردەوە، بەسەر پەڕە سپییەکاندا هەموو ڕۆژێک سەری بەسەر پەڕە سپییەکاندا شۆڕدەکردەوەو هیچی نەدەنووسی. هیچی بۆ نەدەنووسرا..لا٢٠٢.

بەمجۆرەو دوای ئەوەی لە تراژیدیای چیرۆکەکانی ڕامانکیو جارێک تر تووشی تراژیدیاو شکست بووینەوەو کارەسات لە دوای کارەسات خولقا، دوای گیرانی (فەرهاد) جارێکی تر ڕەحیمی برای کاڵێ دەستی کردەوە بە قومارکردنو مەی خواردنەوەو بەرەڵایی. گوڵەکانی ناو گوڵدانی سەر پەنجەرەکان وشکبوونو کچە تەونکەرەکانیش لەجیاتی پێکەنین، بێ فرمێسک پەنجەیان نەدەبزواند، ئەمانە کارەساتەکانی ناو چیرۆکی (فەرهاد)ن، جگە لە تەواونەکردنی دوا تابلۆ.. بێگومان لە چیرۆکی میهرەبانیشدا کارەساتەکان زۆرن، کارەساتی فرۆشرانی کۆنە ماڵەکەو سەرلێشوانو سەرگەردانیی چۆلەکە و پشیلەکانو میهرەبان، بەمجۆرە شکستەکان بەدوای یەکداهاتنو ئازاری کۆتاییە دڵتەزێنەکانیش چەند بارەبوونەوە.

فەرهاد نەیتوانی دوا تابلۆی تەواو بکا، سەرئەنجام دەستە باریکو ئیسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاندو سەری بەملیەوە بەسەر شانی شۆڕبووەوە قژی خۆڵەمێشی و سەروریشی ڕوومەتی تێک قوپاو و چاوی بەقوڵداچووی.. دەتگووت تەرمی مۆمیایی پیاوێکە دوای هەزار ساڵ لەژێر خاک دەرهاتبێو لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەیەکی بچووکدا لەژوورێکی تاریکو پڕ لە دووکەڵ لەژوورێک کە بۆ کۆنو بۆنی زبڵی سووتاوی لێدێ، بە دیوارەکەوە هەڵیانپەساردبێ..لا٢٨.

میهرەبانیش لەو ڕۆژەوەی ماڵەکەیان فرۆشتبوو، لەو ڕۆژەوە کە بردبوویان بۆ ماڵی مونیرە، هەموو ئەو ماوە گوتبووی، من دەبێ بڕۆم بۆ لای فەرهاد، دەبێ بڕۆم چیرۆکەکەی تەواو کەم. ئێستا هاتبوو لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکەدا دانیشتبوو، لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەی ژوورەکەی فەرهاد، لەجێی فەرهاد، دەستە باریکو ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاندبوو، سەری بە ملییەوە بۆ سەرشانی شۆڕبووەوە، وەک فەرهاد کە دەستە باریکو ئێسکنەکانی لە دەوری ئەژنۆی ئاڵاندبوو.. چەند لە فەرهاد. دەچوو قژی خۆڵەمێشی سەروریشی ڕوومەتی تێک قووپاو چاوی بە قوڵداچووی دەتگوت لە پشت فەرهادەوە خۆی شاردووتەوە، یان فەرهاد لە پشت ئەوەوە..لا٢٠٨.

ڕۆماننووسیش هەمان چارەنووسی (فەرهادو میهرەبان)ی هەیە، ئەویش دوای تەواوکردنی چیرۆکی میهرەبان، سەری بەرزکردەوە، بەتەنهایە (تەنها لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبوومو دەستە باریکو ئێسکنەکانم لە دەوری ئەژنۆم ئاڵاندبوو... لا٢١٩).

چەند سەیرە چارەنووسە ڕەشەکان هەر هەموویان لەیەک دەچن، بۆیە (دەترسم ئەم چیرۆکە چیرۆکی ئەو نەبێ، دەترسم چیرۆکی خۆم بێ.. چیرۆکی تۆ.. یان هەر کەسێکی تر.)لا١١٥.

***باڵندەکانی دەم با، ڕۆمان، عەتا نەهایی، چاپی یەکەم، ١٣٨١، لە بڵاوکراوەکانی نەشری ژیار، لەسەر ئەرکی ئەنیستیتوی کوردی تاران.**